
وهەسارەی زەرافە



وهەسارەی پاککردنی هەوا کەلەم وێنەیەدا سەرەکەی سەرە مرۆڤە ولەشی لەشی بالندەیە وگومگمۆك بەپشتیدا هەڵدەگەڕێ کەمانای چڵکنی دەبەخشێت لەدەستی ئەوژنەدا باوەشێن هەیە بۆ پاککردنی هەوا کەوێنەیەکی زۆر جوانە



لەم وێنەیەدا سەرە گا نیشانەی هەسارەی گایە و ئەو بزنەی لەسەر شاخەکەیەتی نیشانەی هەسارەی بزنە کە



هەردوو هەسارەکە لەنزیکی یەکن وە لەپشتیانەوە ئەستێرە گەشەی(دەبران)
ئەو وێنەیەی دیکە لە تەنیشتیان لەوانەیە هەسارەی سیمورغ بێت. لەوانەشەی وێنەی ئاناهیتا لەهەمان کاتدا وێنەی هەسارەی (حەوا-حواء) بێت



## هەسارەی خاوەن کورسی:



نیشانەی ئەم هەسارەیە ژنە وە کورسییەکەی لەوێنەکانی تاوس دروست  کراوە



نیشانةی هةسارةی زةبةلاح (کوکب الجبار) ؟

## ئەستێرەکان


بێجگەلە هەسارەکانی گومەزی ئاسمان نیشانەی ئەستێرە گرنگەکانیش لەسەری هەڵکەنراوە وەك ئەستێرەی قوگبی شمالی وئەستێرەی غول



وئەستێرەی سەگی ڕاو (تانجی) وئەستێرەی قاز وئەستێرەی کیسەڵ (نەك برجی کیسەڵ) وئەستێرەی هەردوو لێو (فکە) یان هەسارەی هەردوو لێو بەڵام وێنەیەکی دیکەشی هەیە ئەوەش بەم هەسارە دەچێت.



زور شتی دیکەی فەلەکی و ئاینی و لەوانەشە ئەفسانەیی لەم روانگە (مرێد)ە دا هەیە.





زور شتی دیکەی فەلەکی و ئاینی و لەوانەشە ئەفسانەیی لەم روانگە (مرێد)ە دا هەیە.

## پەرستگای ئەناهیتا



ئەم شوێنەوارە گرنگە هاوکات پەرستگەی ئەناهیتایە کە خواوەندیکی ژنە لە خواوەندە کۆنە کانی ئاری , خوای ئاو, زاوزێکردن وپارێزگاریی ژنانی سکپڕە کە خەسڵەتی عەشتاری سۆمەری و ئەفرۆدیتی گریکی هەیە و کۆمەڵێك نیشانە (ڕەمز) لەسەرئەم شوێنەوارە گەورەیە هەڵکەندراوە لەوانە:ماسی و (شوور-گاکێوی)و بزنە کێوی و دەرزی سنجاقی جل وبەرگ کە ئەو ژنانەی منالّیان نابێ ئەمانە یان دەکردە خێر بۆ ئەناهیتا تا منالّیان ببێ. وێنەی ئەمانە هەموویان لەسەر ئەم بەردە هەیە. ئەم کارە گەورانە هەموی لەبەر ئەوە دروست. کراوە تاببێتە پەرستگەیەکی نایابی ئەناهیتا کەوێنەکەی  بە تاجە مەزنەکەیەوە دەوری (1,5-2م) لەسەری هەڵکۆڵراوە و وێنەی پاشایەك لەگەڵ وێنەی ژنەکەی لەژێریدایە کە ئەم کارە مەزنەی کردووە. بێ گومان ئەگەر شوێنەوارێکی گەورە ونایاب لەهەر وڵاتێك بدۆزرێت لە راگەیاندنەکانی جیهاندا دەنگێکی زۆری دەبێت وە یونسکو بەپەلە فریای دەکەوێت. لەم چەند ساڵەی ڕابوردو لە شاری ئەسکەندەرییە میسر زێرابێك دۆزرا لەلایەن شوێنەوارناسانی میسری و فەرەنساییەوە ودەنگی  زۆری دایەوە لەڕاگەیاندنەکانی جیهاندا بەڵام دەبێ بزانین ئێرە کوردستانێکی بێ دەنگ و خامۆشە.